

# هەڵسەنگاندنێک بۆ زەکەریا



**هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا یەکێکە لەو هونەرمەندە بەتوانایانەی کە تاکو ئێستا خاوەنی حەوت بەرهەمە ، توانیویەتی لەو ماوەیەدا گوێگرێکی باش بۆخۆی پەیدابکات و داهێنانێک لەنێو هونەری کوردیدا دروست بکات، بەڵام زۆرێک لە خەڵک دەڵێن کەموکورِی لە بەرهەمەکانیدا هەیە . لەم بارەیەوە بە پێویستمان زانی راو بۆچوونی چەند کەسێکی شارەزا سەبارەت بەم بابەتە و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی بەتوانا زەکەریا وەربگرین.**

**ئا: رۆشنە عومەر**

### زەکەریا توانی هونەری کوردی بباتە ئۆقیانووسێکەوە

هونەرمەند ئیسماعیل سابوری، کە بە مامۆستاو شارەزایەکی هونەری میوزیکی کوردی دادەنرێت، دەڵێت «زەکەریا لەسەردەمێك هاتە ئاراوە کە توانی هونەری کوردی بباتە ئۆقیانوسێك، مامۆستا (شەجەریان) بەو هەموو گەورەییەی خۆی دەڵێت. تاکو ئێستا سەری نوکی نینۆکم تەڕ نەبووە بەئاوی ئەم ئۆقیانوسە. بۆیە دەڵێم زەکەریا گۆڕانکاری هێنایە ئاراوە هونەری کوردی گەیاندە ئەم ئۆقیانووسە».

دواتر هونەرمەند محەمەد قەدری شارەزا لەبواری گۆرانی وتن و ئاواز دانانەوە وتی «زەکەریا دەیەوێت هەموو کاتێك شتی تازە و کاری جوان بکات. توانیویەتی داهێنانێك لەنێو هونەری کوردی بهێنێتە ئاراوە «.

دواتر هونەرمەند «بورهان موفتی زادە» شارەزا لەبواری ئاوازدانانەوە وتی « زەکەریا هەم وەك مۆسیقاو دەنگ و شێوەی کەسێکی پرۆ فێشناڵە .هەروەها لەڕووی کلیپە وە گۆرانی





# لە نێوان داهێنان و موزیكی بیانیدا

زۆر بەسەر كلیپەكان داهێنا .وای لەهونەرمەندان كـرد چاوی لێبكەن و گۆڕان بەسەركارەكانیان دابهێنن. باهەمووكارێكیش كاری فۆلكلۆر نەبێت، داهێنانێك لەنێو هونەری كوردی هەبێت .

**ئەركی سەرشانی زەكەریا قورسترە لەئەركی هونەرمەندانی تر**

هونەرمەند ئامانج غازی شـارەزا لەمۆسـیقا و ئاوازدانەر وتی «ئاشنایەتی من لەگەڵ زەكەریا دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵانی نـەوەدەكان. ئەوكات زەكەریا ژەنیار بوو، بەڵام هەمیشـە ویستویەتی لەبواری خۆیدا پێشـكەوتن بخاتە ڕوو و شتێكی نوێ پێشكەش بكات. لەبەر ئەوەی ئەو ئەركەی لەسەرشـانی زەكەریایە قورسـترە لـە ئەركی هونەرمەندەكانـی تـر. من زەكەریا دەناسـم كە توانستێكی لە ئاوازدانان و سەلیقەی باشی هەیە لە گوێگرتن بۆ ناسـینەوەی ئەو دەنگانەی كە مۆركێكی تایبەت دەدەن بەدەستەوە، كە نزیكە لەو شوێنەی زەكەریا تێیدا گەورە بووە».

لەبارەی سوود وەرگرتن لە بەرهەمەكانی زەكەریا هونەرمەند ئامانج غازی دەڵێت «زۆر پێم سەیرە ئەو بەهرەیەو ئەو توانستەی كە لە بواری گۆرانیدا زەكەریا هەیەتی، نازانـم بۆچی دەچێتە توركیا بۆئامادەكردنی بەرهەمەكانی ؟ ئەگەر كێشەكە تۆماركردنی دەنگە یان كێشەی تراكە، ئێستا لە كوردسـتان ئەمانە هـەن. كۆمەڵێك هونەرمەند هەن ئەم كارانە دەكەن، هەر بۆیە هەست دەكرێ دابڕانێكی زۆر هەیە لەنێو ئەو میلۆدییانەی كە خۆی بۆ خۆی دایناوە لەگەڵ ئەوانی تر . هیچ بەرهەمێك ناگاتە بەرهەمی یەكەمی، چونكە ئەو دەنگ و سـەدایەی لە بەرهەمی یەكەم هەیەتی زۆر جیاوازە لە بەرهەمەكانی ئێسـتای. دڵنیام لەوەی ئەو ئاواز و دابەشـكردنەی خۆی دەیكات زۆر مۆركی كوردانەی پێوە دیارە».

هەروەهامحەمەد قـەدری رای پێچەوانەی رای ئامانج غازی بوو وتی «ئێمە نزیكین لەهونەری توركییـەوە، بۆیـە ئاوازی توركی زاڵە بەسـەر بەرهەمەكانماندا، راسـتە زەكەریا سـوودی لە ئـاوازی توركی ونەتەوەی تـر وەرگرتووە، بەڵام

**ئیسماعیل سابووری: هیچ كات لەگەڵ ئەوەدا نیم كە ئاوازی بیانی تێكەڵ بەئاوازی كوردی بكرێت .بە ڵام زەكەریا توانی داهێنانێك لەنێو هونەری كوردی دروست بكات**

بەشـێوەیەكی زیرەك و پرۆفیشـناڵ سـوودی لێوەرگرتووە،زۆر كەس هەن كە لەمۆسـیقا ناگەن یاخود ناتوانـن بگەنەئاسـتی زەكەریا ئەوكات ئیرەیی پیدەبەن ناچارن رەخنەی لێبگرن «.

سابوری دەڵێت «هیچ كات لەگەڵ ئەوە دانیم كە ئـاوازی بیانی تێكەڵ بەئاوازی كوردی بكرێت، بەڵام زەكەریا داهێنانێكی لەنێو هونەری كوردی دروست كرد، بەڵام خۆزگە ئەو توانایەی خۆی لە بواری هونەری كوردی خۆماندا سەرف بكردایە.

**تاكوئێستا كەسێكی شارەزامان نییە رەخنە لەتێكستی گۆرانی بگرێت**

لەبارەی تێكسـتەكانی بەرهەمـی هونەرمەند زەكەریا شاعیر و تێكستنووس عبدولڕەحمان بێلاف وتی «تێكسـت دەورێكی كاریگەر لەبونیادنانی گۆرانی دەگێڕێت، وەك چۆن پێكهاتەی گۆرانی بریتییـە لـە دەنگ و ئـاواز و دابەشـكردنی مۆسـیقا، ئەندزیاری دەنگ و كوالێتی ستۆدیۆ و تێكستیش پێگەیەكی هەرە بەرزی لە گۆرانیدا هەیە. ناتوانین لێرەدا بەشـێوەیەكی كورت باسی تێكستەكانی زەكەریا بكەین، چونكە بابەتەكە زۆر هەڵدەگرێت، هیچ بیانویـەك ناهێنمەوە، چونكە رەخنەگر نیم بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەڵسـەنگێنم،

**هونەرمەند محەمەد قەدری: زەكەریا دەیەوێت هەموو كاتێك شتی تازە و كاری جوان بكات**

بۆیە نامەوێت ڕەخنە لەسەربەرهەمەكانی زەكەریا بگـرم. بۆ هەموو شـتێكی نـوێ رای جیاواز هەیە، ڕای پۆزەتیف و نیگەتیف. هیچ شاعیر و گۆرانیبێژێـك بگـرە هیـچ مرۆڤێكیش بێ كەموكوڕی نییە . لە گۆرانیدا كاتێك شـاعیر بە ئازادی تێكسـت بنووسـێت دواتر هونەرمەند ئاوازی بۆ بنووسـێت، ئەوا تێكسـت سەنگینی و هێزی خۆی لە دەسـت نـادات، بەڵام ئەگەر شیعر بۆ ئاواز بنووسرێت بەتایبەت ئەگەر تێكست نووسـەكە گوێی مۆسـیقی نەبێت و شارەزایی لە بواری مۆسـیقا نەبێت، شـتێكی باش نابێت كەشـایەنی وتن بێت. بۆئەم بەرهەمەی زەكەریا تێكستەكانی لەلایەن سامی ئەرگوشی نووسراوە ئەوەندەی من بزانم سـامی ئەرگوشی یەكێكە لە باشترین شاعیرانی گۆرانی، لێرەو لەوێ قسەی سـەرپێیمان گـوێ لێدەبی، بەڵام تاكو ئێسـتا كەسـێكی ئەكادیمی قسەی لەسـەر تێكستی گۆرانی وتن نەكردووە.

**زەكەریا توانی گەنجی كورد بۆ هونەری كوردی بگەڕێنێتەوە**

بـۆكان هیوا وەكـو گەنجێك رایوایـە و دەڵێت «دەركەوتنی زەكەریا، شۆڕشـێك و لافاوێك بوو، گۆرانـی بیانی لە گوێی خەڵكی كوردسـتاندا ڕاماڵی و گۆرانی رەسـەنی كـوردی جێگەی گرتەوە، گەڕایەوە دۆخی جارانی و لاوانی كورد گۆرانییەكانی زەكەریا دەڵێنەوە، چونكە پێشـتر گەنجەكانی كوردستان دەبوو گوێبیستی دەنگی هونەرمەندانی عەرەب و تورك و بیانی بووینایە، بەڵام زەكەریا توانـی گەنجی كورد بۆ هونەری كوردی رابكێشێت.

**بۆماوەی دووهەفتە زۆرترین سیدی ئۆرگیناڵم فرۆشت**

رێدار شێرزاد خاوەنی سـەنتەری ئەربائیلۆ وتی «ئەمساڵ بەرهەمی هونەرمەند زەكەریا لەهەموو بەرهەمەكان زیاتر فرۆشـرا. توانیـم بۆماوەی دووهەفتە زۆرترین سیدی ئۆرگیناڵ بفرۆشم».

رێـدار ئاماژەی بـەوەدا كەبەرهەمی سـاڵانی پێشووی زیاتر فرۆشراوە لەبەرهەمی ئەمساڵی.

## باشترین ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لەساڵی ٢٠١٠



١- ناوەمی واتس، پلەی ساڵی پێشوو: ٢١٠
٢- ئەنجیلینا جۆلی، پلەی ساڵی پێشوو: ١٠
٣- پارکەر پۆسیی
٤- ئانا هیساوای، پلەی ساڵی پێشوو: ٩٧
٥- ماریسا تۆمی، پلەی ساڵی پێشوو: ٢٧٥
٦-ئەماندل پیت
٧- جینیفەر ئەنیستۆن، پلەی ساڵی پێشوو: ٢٤
٨- میگان فۆکس، پلەی ساڵی پێشوو: ٥٥
٩- جێسیکا ئەلبا، پلەی ساڵی پێشوو: ١٣٣
١٠- ئیمیلی بلونت

## سپیلبێرگ: هاوکاری دیمـ

دەرهێنــەری بەناوبانگی ئەمریکی ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە کە هەندێك لە دەزگاکانــی راگەیاندنی ئەمریکی بڵاویـان کردەوە گوایە لەســەر داوای نانســی بیلۆسی ســەرۆکی پێشووی کۆنگرێســی ئەمریکــی کارەکانــی خۆی راگرتووە بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی راگەیاندن دەســت پێبــکات بۆ جوانتر

## شووشەی هەنگوین
## 5 جار شووی کردووە

لەیــلا تاهیــر تەمەنێکــی زۆر لەنێو ســینەمای کوردیدا بەســەر بــردووە و ئێســتاش بەردەوامــە، لەیــلا یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کــە بە جوانییەکەی سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا بەجۆرێك نازناوی (شووشــەی هەنگوین)یان لێنا بوو.

لەیــلا لە ژیانی خۆیدا ٥ جار شــووی کردووە، لەیلا لە دیمانەیەکدا بەم شــێوەیە باســی خــۆی دەکات و دەڵــێ: ناوی راســتەقینەم (شــرۆیت)ە کە بە مانای

## جومانا: مێیەتی شەرمەنەک

جومانا موراد یەکێکە لە ئەکتەرە بەناوبانگ و ناودارەکانی ســوریا کــە ناوبانگییەکەی ســنووری وڵاتی خۆی بەزاندووە و ئێستا بە یەکێك لە بەناوبانگترین کچە هونەرمەندەکانی عەرەبی دادەنرێت.

جومانا لە دیمانەیەکیدا دەربارەی ئافرەت و جوانی دەڵێت: من مرۆڤێکی هەست ناسکم، بەڵام بڕوایەکی زۆرم بەخۆم هەیە و هەمیشە حــەزم لە رووبەڕووبوونەوەی کارە ســەخت و قورسەکانە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە من بە جوانی خۆم بنازم، چونکە جوانی تاکە مەرج


نانسي بيلوسي


ستيفن سبيلبيرغ

## ـــوكراتەکانم نەکردووە

کردنــــی رووی دیموکراتەکان دوای ئـــەوەی نەیانتوانی ســـەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانـــی ئـــەم دواییـــەی کۆنگرێس بەدەست بهێنن.

هەرچەندە ســـبیلبێرگ یەکێکە لە لایەنگرانی نانسی، بەڵام ئەوەی رەت کـــردەوە کە پرۆژەیەکی لەم شـــێوەیە لەنێوانیاندا هەبێت



## سەرکەوتووش نەبووە

گوڵی کراوە دێت و ئێمە بە رەچەڵەك خەڵکی تورکیاین، مـــن لە ژیانمدا ٥ جار شـــوم کردووە، بـــەڵام لە هەر هەموویان سەرکەوتوو نەبووم لەبەر چەند هۆکارێکەوە و ئێســـتاش هەست بە ئاسودەیی دەکەم، چونکە تەمەنێکی زۆرم لەنێو هونەرمەندان بەســـەر بردووە و بووم بە کەسایەتییەکی ناسراوی میسر.



## خۆ رووت کردنەوە

و هۆکاری سەرکەوتن نییە، زۆرم پێ سەیرە کە هەندێك ئافرەت هەن بە جوانی خۆیان دەنازن و لەبـــەر ئەوەی توانا و بەهرەی هونەرییـــان نییە زۆر جار دەبینین پشت بە خۆ رووت کردنەوە دەبەســـتن، مـــن پێموایە ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە بەو شێوەیە نیشان بدرێت، بەڕای من مێینە بریتییە لە شـــەرم نەك خۆ رووت کردنەوە.

## بەهێزترین فیلمەکانی جیهان لەساڵی ٢٠١٠

ئەگەرچی ساڵی ٢٠١٠ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێك نەبوو بۆ فیلمە هەرە بەهێزەکان بەڵام خاڵیش نەبوو لە فیلمانـــەی کە زیاتـــر لەمانگێك بەردەم سینەماکانی قەرەباڵغ کردبوو، وەك بەشی سێیەمی فیلمـــی ئەنیمەیشـــن toy story کـــە «تۆم هانکس» بە دەنگی پاڵەوانی سەرەکییە تێیدا، جێی بیرهێنانەوەشە کە بەشی حەوتەمی فیلمی «هاری پۆتەر» هەر لەم ســـاڵەدا دەرچووە و تا ئێســـتاش لەسینەماکان پەخش دەکرێت.

چونکە هێشتا ئەو خەڵاتانەی کە بۆ فیلمەکانی ٢٠١٠ دادەنرێن ئاشـــکرا نەکراوە وەك خەڵاتەکانی (ئۆســـکار، کان، گۆڵدن گڵەب)، ئێمـــە ناتوانین پێوانەیەکی زانستی بۆ باشترین فیلمەکان دەستنیشان بکەین، بەڵام باشـــترین ئەنجـــام ئەو ئەنجامەیە کە جەماوەری فیلمەکان دیاری دەکەن ئەمەش بەرێژەی ئەو داهاتەی کە لەماوەی ساڵێکدا کۆیانکردۆتەوە، هەربۆیە بەباشی دەزانین باشـــترین ئەو فیلمانەی لەماوەی ســـاڵی پاردا زۆرترین داهاتیان لە هەموو جیهان کرکردۆتەوە بخەینە روو:

١- Toy Story ٣ بـــڕی داهـــات: ١،٠٦٣،١٠٠،٠٠٠

٢- Alice in Wonderland بـــڕی داهات: ١،٠٢٤،٣٠٠،٠٠٠

٣- Harry Potter and the Deathly Hallows بڕی داهات: ٨٣١،٢٠٠،٠٠٠

٤- Inception بـــڕی داهـــات: ٨٢٥،٤٠٠،٠٠٠

٥- Shrek Forever After بـــڕی داهات: ٧٣٩،٨٠٠،٠٠٠














## ڕۆژدا:

# ماوەی شەش مانگ لە گۆرانی (ئای دل) كارم دەكرد

ڕۆژدا یەكێكە لە هونەرمەندە سەركەوتوو و دەنگخۆشەكانی باكووری كوردستان كە توانیویەتی بە تێكەڵكردنی گۆرانی فۆلكلۆری و نوێگەرایی لە هونەری كوردیدا شێواز و ستایلێكی تایبەت پێشكەش بكات كە مایەی ڕەزامەندی كوردەكانی هەموو پارچەكانی كوردستان بێت، بەتایبەتی لە نوێكردنەوەی گۆرانییەكانی هونەرمەندی نەمر (شاكرۆ) دا، بۆیە لە پێوەندییەكدا بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێكی ئاڕاستە بكەین كە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



*** بۆچـی ماوەیەكـە هەسـت دەكرێ بێدەنگی؟**

- ڕاسـتە ماوەیەكـە وەك پێویسـت دەرناكـەوم، ئەویش لەبـەر ئەوەیە كـە بارودۆخی تەندروسـتیم باش نەبـوو و یارمەتی ئەوەی نـەدەدا زۆر دەربكـەوم، هەرچەنـدە ژمارەیەك كۆنسێرتیشم ساز كرد، هەرچۆنێك بێت بەگوێـرەی توانای خۆم و زیاتریش هەوڵمـداوە خزمەتێك بە هونەری ڕەسـەنی كوردی بگەیەنم ئەگەر وەك پێویستیش نەبێت.

***هونـەری كوردی پێویسـتی بەچی هەیە؟**

- بێگومان ئاوڕدانـەوەی زیاتر لە هونـەر و هونەرمەندان جا لە هەر بوارێك بێت، مۆسیقا، شانۆ، سینەما، شێوەكار واتە بەشێوەیەكی گشتی، ئێستا كورد لە قۆناغێكدایە كە تایبەتمەندی ئەم قۆناغەی پێوە دیـارە و جیاوازە لـە قۆناغەكانی سـاڵانی حەفتـا و هەشـتاكانی

سەدەی رابردوو، بۆیە دەتوانین بڵێین لەم سی ساڵەی رابردوودا هونەری کوردی پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە پێشتر پێشڤەچوون نەبووە، نەخێر زۆرجار ئەوەی هونەرمەندانی پێش ئێمە کردوویانە ئێمە نەمانتوانیوە هاوشێوەی ئەوان بین، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە تا رادەیەك گۆڕاوە هەرچەندە کۆت و بەند هەر ماوە، هەروەها ئەو هونەرەی جاران پێشکەش دەکرا، زیاتر هونەری فۆلکلۆری و دەنگبێژی بووە، بەڵام ئێستا هونەرێك پێشکەش دەکرێ کە خزمەت بە هونەر دەکات لە هەموو بوارەکان.

***ئەم گۆڕانکارییەی تۆ باسی دەکەی چۆن هاتە ئاراوە؟**

- ئەمە زیاتر بە ماندووبوونی هونەرمەندان خۆیان بووە، جا چ لە ئەورووپا بن یان لە ناوەوەی کوردستان و لە هەر پارچەیەك بێت، لەم ماوەیەدا هونەرمەندان ناچار بوون روو لە نوێگەرایی بکەن لە هونەری کوردیدا و تەنیا پشت بە فۆلکلۆر نەبەستن و لە هەمان کاتدا فۆلکلۆریشیان پشتگوێ نەخست.

*** بەڵام هەندێك جار زیان بە هونەری کوردی گەیشتووە لەم بوارەوە؟**

- راستە جاری وا هەیە دەبینین هونەری کوردی بەجۆرێك پێشکەش دەکرێت کە تا رادەیەکی زۆر دوورە لە هونەری کوردییەوە و بەچاو و تێڕوانینێکی بیانییەوە هونەری ئێمە ئافراندنی تێدا دەکرێت، ئەمەش پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن و لێکدانەوە هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە پێویستە چی بکەین بۆ کۆمەڵگەی کوردی، مۆسیقایەکی رەسەن پێشکەش بکەین مۆسیقایەك کە هەر کوردێك بیەوێ گوێی لێبگرێت، بەڵام پێویستە هونەرمەندانی ئێمە لە هەندێك لەو شێوازانەی ئێستا هەن خۆیان بەدوور بگرن، بۆ نموونە ئێستا زۆر سوود لە هونەری عەرەبی وەردەگیرێت کە من پێموایە شتێکی زۆر باش نییە، لەجیاتی ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەر هونەری رەسەنی کوردی و بناغەی هونەری رەسەنی کوردی کە خۆی لە فۆلکلۆردا دەبینێتەوە، زیندوو بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی کولتوور و ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد بێت.

***چۆن بوو گۆرانییەکانی هونەرمەندی گەورە شاکرۆت وتەوە؟**

- بە عەشقەوە گۆرانییەکانی شاکرۆم وتەوە، ئەمەش بۆ یەکەم جار بوو کە ئافرەتێکی کورد گۆرانییەکانی شاکرۆ بەو شێوەی من بڵێتەوە، بەڵکو هەر نەیانگوتووە. دیارە گۆرانییەکانی شاکرۆ لە ئاستێکی زۆر بەرزدان و بناغە و شێوەی بەرهەمهێنانی و وتنیشیان بۆ ئەوکاتیش جیاواز بوو، ئاواتی من ئەوە بوو یەکەم جار گۆرانییەکی زەحمەتی یەکێك لە هونەرمەندە رەسەنەکانی کورد بڵێمەوە و کارێکی وا بکەم کە لاوەکانمان حەز و خۆشەویستییان بۆ هونەرمەندە نەمرەکان هەبێت و ئاشنای هونەرەکەیان بن، چونکە ئەمانە دانەری بناغەی هونەری رەسەنی کوردین، بۆیە کاتێك گۆرانیەکەشم بڵاوکردەوە هەستم کرد کە پیر و لاوەکان وەك یەك حەز لە بیستنی ئەم گۆرانییە دەکەن.

*** وتنی گۆرانی (ئای دل) تا چەند زەحمەت بوو؟**

- بۆ ماوەی شەش مانگ کارم لەسەر ئەو گۆرانییە، چونکە کارێکی زۆر گەورە بوو و پێموابوو دەبێ بەشێوەیەکی وا دەربچێت کە مافی هونەرمەند و گۆرانییەکە وەك خۆی بدەم و گۆرانییەك پێشکەش بە جەماوەر بکەم کە پێی سەر بەرز بم و خزمەتێك بە گۆرانییەکە بکەم و لە رێگەی ئەو گۆرانییەوە خزمەتێك بە هونەری نەتەوەکەم بکەم، ئەمەش پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەبوو و سوپاس بۆ خوا تێیدا سەرکەوتم.

* جگە لە شاکرۆ بەنیازی گۆرانی کام هونەرمەندی دیکە بڵێیتەوە؟

-بەڵێ لە بەرنامەمدایە چەند بەرهەمێکی دیکە بە هەمان شێوە بڵێم، بەڵام حەز ناکەم ئێستا ناوی بەرهەمەکە و گۆرانیبێژەکە ئاشکرا بکەم. تەنیا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دەمەوێ کارێکی زۆر گەورە پێشکەش بە هونەر و مۆسیقای کوردی بکەم، چونکە زۆر کاریگەرم بە دەنگ و بەرهەمی هونەرمەندە رەسەنەکان، هەروەها دەمەوێ بە هونەری رەسەن و نوێگەرایی شتێکی جیاواز و تێکەڵ پێشکەش بکەم بەشێوەیەك کە جەماوەر لێی رازی بێت و پێموایە ئەمە نەك تەنیا ئەرکی منە، بەڵکو ئەرکی هەموو هونەرمەندانی دیکەی کوردە.

***گۆرانی (لێ بووکێ) یەکێکە لە گۆرانییە هەرە سەرکەوتووەکانی تۆ، سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە لەچیدا دەبینیتەوە؟**

- هۆنراوە و مۆسیقاکەی زۆر بەهێز و کاریگەر بوو، هەروەها پێموایە و بە شایەدی زۆر کەس من لە شێوەی ئەداکەی سەرکەوتوو بووم، مەبەستی من لەم گۆرانییە ئەوە بوو گۆرانییەکی فۆلکلۆری بڵێم، بەڵام بە مۆسیقا و ریتمێکی نوێ و خێرا بەجۆرێك گوێگر تاموچێژ لە مۆسیقا و لە گۆرانییەکەش وەربگرێت و کاریگەری بەسەریەوە هەبێت، هەروەها کلیپەکەش هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی گۆرانییەکە بوو و وێنەیەکی راستەقینەی ئاهەنگی بووك گواستنەوەی کوردی نیشانی جەماوەردا کە خۆی و کەلەپورەکەی تێدا بدۆزێتەوە بەتایبەتی کلتووری ناوچەی سەرحەد کە بەم شێوەیە بوو لە دێر زەمانەوە.

هەوڵ دەدەم هاوسەنگییەك لەنێوان گۆرانی فۆلکلۆر و نوێگەرایی لە بەرهەمەکانی خۆمدا بینمە بەرچاو و بزانم جەماوەر چی دەوێ و لەچیدا سەرکەوتوو بم، ئەوە پێشکەش دەکەم .

*** لە بەرنامەتدا نییە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەی؟**

- بێگومان لە دڵەوە حەز دەکەم، پێش ئێستا چەند جارێك سەردانی کوردستانم کردووە بۆ تۆمارکردنی کلیپەکانم، هیوادارم بتوانم دوای کۆتایی هاتنی وەرزی زستان جارێکی دیکە بێمەوە کوردستان بۆ تۆمارکردنی کلیپێکی نوێ، دیارە پێوەندی پتەوی نێوان هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێتە هۆی پەرەپێدانی هونەری کوردی و پێشخستنی .

*** کێشەکانت لەگەڵ پۆلیسی دەوڵەتی تورك بەچی گەیشتن؟**

-راستە لە تورکیا وا دەخوازن هونەرمەندانی کوردی بەگوێرەی ویست و داخوازییەکانی حکومەت کاری هونەری خۆیان پێشکەش بکەن، نەك بەو شێویەی هونەرمەند و گەل دەخوازن. ئەمەش تا رادەیەك دەبێتە هۆی ئەوەی کێشە و گرفت بۆ هونەرمەندان دروست بێت، بەتایبەتی هونەرمەندانی کورد، بۆیە زۆرجار بە هۆ و بەبێ هۆ ئێمە داخواز دەکرێین لەلایەن پۆلیسەوە و گرفتمان بۆ دروست دەکرێت و دەخرێینە ژێر چاودێرییەوە و رێگەشمان لێدەگیرێت، بەڵام کاری ئێمە گۆرانی وتنە بۆیە ئەم گرفتانە بۆ ئێمە نابێتە رێگر و ساردمان ناکاتەوە لەخەباتی بەردەوامان بۆ خزمەتکردنی هونەر و گەلی کورد.